کاتێک دوو کەس جوێن بە یەکتر دەکەن، ئەوەی (جوێنەکەی) دەستپێکردووە تاوانبارە هەتاوەکو ستەملێکراوەکە سنوور تێدەپەڕێنێت (لە وەڵامدانەوەدا)

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «کاتێک دوو کەس جوێن بە یەکتر دەکەن، ئەوەی (جوێنەکەی) دەستپێکردووە تاوانبارە هەتاوەکو ستەملێکراوەکە سنوور تێدەپەڕێنێت (لە وەڵامدانەوەدا)».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

هەر شتێک لە دوو کەسەوە دەربچێت کە جوێن وقسەی ناشیرین بە یەکتر دەدەن، تاوان لەسەر ئەو کەسەیە کە سەرەتا جوێندانەکەی دەستپێکردووە، بەڵام ئەوی تر هیچ شتێکی لەسەر نییە؛ چونکە ڕوخسەتی پێدراوە کە وەڵام بداتەوە لەو کەسەی ستەمی لێکردووە، ئەگەر ستەملێکراوەکە سنووری تێپەڕاند لەو سنوورەی بۆی دیاریکراوە وڕوخسەتی پێدراوە ئەوا لێرەدا تاوانی ستەملێکراوەکە لە تاوانی ستەمکارەکە زیاتر دەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8878